Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.1.8

# کردەی قسەیی ئاوێتە لە (مەم و زینی ئەحمەدی خانی)دا

**مزگین عەبدورەحمان ئەحمەد** /بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Mizgin Abdulrahman Ahmad
mizgin.abdurahman@su.edu.krd

RECEIVED :09 /02/2025
ACCEPTED :24/05/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2026

**پوختە**

سودوەرگرتن لە تیۆرە زمانەوانییەکان لە شرۆڤە و لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، هەم دەتوانێ لایەنی نوێی بەرهەمە ئەدەبییەکانمان بۆ ئاشکرا بکات هەم بابەتی نوێ بخاتە بەرچاوی زمانناسان. لە بیرۆکەی شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان، کە لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین چەمکە ڕەوانبێژی و ئەدەبییەکان لە یەکەیەکی زمانەوانی وردتر (وشە، ڕستە) لێکدانەوەی بۆ بکەین، تیۆری فەلسەفی زمانی کردەی قسەییە(Speech Act). ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم مەبەستە بەرەو تیۆرە زمانەوانییەکانی شیکردنەوەی گوتار دەمانبات، کە تیایدا شیعرە سەرەتاییەکانی (مەم و زین)ی ئەحمەد خانی لەسەر ئەم بنەمایە شیدەکاتەوە. هەڵبەت ئەو دێڕانەی کە لە ژمارە ١٨٩ دەست پێدەکەن و لە ژمارە ٢٣٤ کۆتاییان دێت. واتە ٤٥ دێڕ لە بەشی پێنجەمەوە بە ناوی: (عەشائیرێ مەدیحەتا تەوائف د کوردانە، ب شوجاعەت و خیرەتێ و ئێزهارا بەدبەختی و بێ تالعی یا وانە دگەل هندە سەماحەت و حەمەوییەتێ). ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێی ڕێبازی پەسنی_ شیکاری و ڕەخنەیی ئەنجامدراوە و هەوڵدەدات بە پشتبەستن بە پێنج کردە قسەییەکەی (سرێل) کە ئەوانیش بریتین لە: (ڕوونکردنەوە، ئاراستەیی، پەیمانی، هەستەوەری، ڕاگەیاندنی)، کە تیایدا ئاراستەی خوێنەرانی دەکات، سەرەرای ئەمە، لە هەر کردەیەکدا دەکرێ خوێندنەوە بۆ چەند کردەیەکی تریش بکرێت کە ئێمە بە کردەی قسەیی ئاوێتە ناومان هێناوە دەرخەری ئەوەیە کە خانی لە ئاراستەکردنی پەیامەکانیدا بە هۆی ئاوێتە بوونی کردەکان، کردەی پاشکاری بە شێوەیەک بەهێزە، کە کاریگەرییەکی گەورە لە ناخی وەرگر دروستدەکات

**وشە سەرەکییەکان:**
کردەی قسەیی،
کردەی قسەیی ئاوێتە،
پراگماتیک،
شیکردنەوەی زمانی،
سرێل.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**١. پێشەکی**

١. ناونیشانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە بە ناوی(کردەی قسەیی ئاوێتە لە مەم و زینی ئەحمەدی خانی)دا، گرنگی بە شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی هەندێ کردەی قسەیی و لێکدانەوەی زمانی دەدات کە لە هۆنراوەکانی ئەحمەدی خانیدا هەن و لەم ریگەیەش خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بیر و هزری ئەحمەدی خانی دەکات.

٢. رێبازی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە بە رێبازی شیکاری و پەسنی رەخنەیی ئەنجامدراوە هەروەها لە کاری تیۆریدا پشت بە تیۆری (جان راسێر سرێل ) بەستراوە، لەسەر ئەو تیۆرەی کە بە کردەی قسەیی پێنجینەکانی ناسراوە.

٣. سنور و کەرەستەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە بە زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست نوسراوە و نمونەکانی لە تێکستی شیعری مەم و زینی ئەحمەدی خانی وەرگیراون کە بە زاری کرمانجی ژووروون .

٤. گرنگی توێژینەوە: دەکرێ لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا گرنگی توێژینەوەکە بخەینە بەرچاو:

ا. شیکردنەوە و لێکدانەوەی نوێ بۆ تێکستەکانی دیوانی مەم و زین.

ب. لە میانەی تێکستەکانی مەم و زین، روونکردنەوەی هزر و رامان و فەلسەفەی ئەحمەدی خانی، لە رێگەی شرۆڤەی ئەو کردە قسەییانەی بەکاریهێناوە.

ج. ئاورێکی رەخنەیی بۆ زمانی بەکارهاتوو لە لای ئەحمەدی خانی.

٥. پرسیار و ئامانجی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیدا گریمانەی ئەوە دەکرێت کە لە رووکەشدا ئەحمەدی خانی هەندێ کردە قسەییەکانی بۆ یەک مەبەست بەکارهێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم کردە قسەییە، چەمک و واتای تریش یا کردەی قسەیی تر لە خۆی دەگریت، بۆیە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەم کردە قسەییە ئاوێتانەش دیاربکەین. جگە لەمە لەم توێژینەوەیدا هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە روون بکەینەوە:

ا. ئەحمەدی خانی لە مەم و زیندا زیاترتر چ کردەیەکی قسەیی بەکارهێناوە؟

ب. هۆی چییە کە هەندێ کردەی قسەیی زۆر بەکارهێناوە و هەندێکی تر کەم؟

ج. ئەو کردە قسەییانەی کە لە رووکەشدا جۆرێکن و لە ناواخندا شێوەیەکی تریان هەیە کامیانن؟

د. کام کردەی ئاوێتەی زۆرتر بە کارهێناوە؟

ه. هۆی بەکارهێنانی کردە ئاوێتەکان چین؟

٦. پێکهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە کە هەریەکەیان چەند تەوەرێک لە خۆیان دەگرن بەم شێوەی خوارەوە:

بەشی یەکەم بریتییە لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، لەوانەش: پێناسەی کردەی قسەیی و کردەی قسەیی ئاوێتە و جۆرەکانی و دابەشبوونی بە پێی چەند تیۆرێکی کە زمانەوانان پێشکەشیان کردووە، بە تایبەت ئەو تیۆرە پێنجینەی کردەی قسەیی کە سرێل پێشکەشی کردووە.

بەشی دووەم، بریتییە لە لەلایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە و بە هێنانی چەند نمونەیەک لە دێرە شیعرییەکانی ئەحمەدی خانی، جگە لە دیارکردنی جۆری کردە قسەییەکان.

لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێک و دیارکردنی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە دێت.

**١.٢. دەروازە:**

بەرهەمە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم، لە زۆربەی وڵاتانی ئینگلیزی زماندا، بەشێکی زۆریان خەریکی لێکدانەوەی زمانەوانی بوون، کە دواتر بە فەلسەفەی راڤە و شیکردنەوە ناسران. فەلسەفەی شیکردنەوە1 کە زۆرتر خەریکی لێکدانەوەی واتا بوو، هەوڵیدا هەندێک لە بابەتەکانی فەلسەفەی نەریتی(تەقلیدی) لەگەڵ شێوەی مۆدێرن و نوێ تێکەڵ بکات (سیریل، ١٣٨٠: ٢١٢). فەلسەفەی شیکردنەوە لەسەر بنەمای باوەڕی بە دوو جیاوازی زمانەوانی لەگەڵ بەرنامەیەکی توێژینەوەدا

ناسێندرا، ئەو دوو جیاوازییە بریتی بوون لە:
ا. جیاوازی نێوان زاراوەی پەسنی(وەسفی) و زاراوەی هەڵسەنگاندن2
ب- جیاوازی نێوان دەربڕینی وەسفی و بەها3.
بەرنامەی توێژینەوە هەمان بەرهەمەکانی فەلسەفەی کۆن بوو، بۆ دۆزینەوەی ئەو بابەتانەی کە پێویستە فەلسەفە کاریان لەسەر بکات، وەک بابەتی زمان، زانست، مەعریفە، بیرکاری و هتد. دواتر کۆمەڵێک پێشکەوتنی تیۆری لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٠دا بوونە هۆی تێکچوونی ئەم دوو جیاوازییە زمانەوانییە، بە ڕەتکردنەوەی ئەو دوو جیاوازییە، چەمکێکی نوێ لە فەلسەفەی شیکاری لە بواری زانستە زمانەوانییەکاندا لەدایکبوو، چەمکێک کە لە دەیەی حەفتا-هەشتاکان سەریهەڵدا و تا ئێستاش پەرەسەندنەکان و کاریگەرییەکانی بەردەوامە. ڕەتکردنەوەی بەرنامەی توێژینەوەکە پەریشانییەکی گەورەی لە چەمکی چالاکییە فەلسەفییەکان و شێوازی کاری فەیلەسوفە شیکارییەکاندا هێنائاراوە، یەکێک لە پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی گرنگی تیۆری، تیۆری کردارە قسەییەکانی ئۆستین بوو(عەبدوڵلاهیان و باقری، ١٣٩٦:٢٤٤).

### ٣.١. کردەی قسەیی لە رووی چەمک و زاراوە:

#### ١.٣.١. کردەی قسەیی:

خەلک بۆ ئەوەی مەبەستەکانی خۆی دەربڕێت، تەنیا وشەکانیان، کە هەڵگری وشە و بنەمایەکی رێزمانین بەرهەمناهێنن، بەڵکو لەڕێگەی ئەو گوتنانە کردارەکانیان رادەپەڕینن. بە واتایەکی تر کاتێک کە قسەیەک دەکەین، جگە لەوەی کە مەبەست و ئامانجەکەمان دەردەبڕین لە هەمان کاتدا،کارێکیش ئەنجام دەدەین، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە شوێنێک کار بکات و بەڕێوەبەر یان بەرپرسی ئەو شوێنە پێی بڵێت: ((تۆ دەرکرای)) ئەمە دەبێ بە واتای کردارێک بێت کە دوورخستنەوەیەتی لە کارەکە. بێگومان ئەم کردەوانەی بە ئەگەری وتنێک جێبەجێ دەبن، مەرج نییە هەمیشە بۆ قسەی ناخۆش و خراپ بن، دەشێت بۆ کاری دڵخۆشکەر و وەسف و پێداهەڵگوتن بن. بۆ نموونە:

١. تۆ کەسێکی رێکی.
٢. سوپاست دەکەم.

ئەم کردانەی بە هۆی گوتنەوە ئەنجام دەدرێن، بە گشتی بە کردەی قسەیی ناودەبرێن، قسەی وەک: لێبوردن، گازاندەکردن، وەسف و پێداهەڵگوتن، داخوازی، بەڵێن و پەیماندان...هتد(جۆرج یول، 1996:83). دەکرێ دوو رووی دراوی ئاسنی(سکە) لێرەدا بە نموونە بهێنینەوە، بەو شێوەیەی کە لە روویەکی پارەکەدا قسە(speech) و لە روویەکی تر کردە(Act) دێت. ئەمە بەم واتایە دێت کە یەکەم: قسە یا گوتە بە واتای کردە یا ڕۆڵ و ئەرک کە لەگەل ئاخاوتندایە دێت، دووەم قسە و کردە لێک جیا ناکرێنەوە، سێیەم: لەبەرئەوەی هەر کردەیەک لە ژێر کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت ئەنجام دەدرێن، کە وابێت قسەش بە پێی مەرجی تایبەتی کۆمەڵایەتی دەگوترێت(یارمحمدی، 1383:97).

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەرکی سەرەکی زمان راپەڕاندنی کارە، یا وەک ئۆستن دەڵێت، ئەرکی زمانی لەم دوو شتەدا کورت دەبێتەوە:

1. هەموو قسەیەک کارێک رادەپەڕێنیت.
2. ڕەتکردنەوەی راست و ناڕاست(هەڵە)یی لە دەربڕیندا(عبدالواحد دزەیی، 2014:165).

### ٤.١. هەر کردەیەک لە سێ کردەی پێکبەستراو پێکدێت بەم شێوەی خوارەوە:

**٤.١.١. کردەی دربڕین**[4]: کردەیەکی بناغەیی گوتنێکە، یا بە بەرهەمهێنانی دەربڕینەکی واتاداری زمانی دەناسرێت، لە راستیدا ئاخاوتن و واتای روکەشی و فۆنەتیک یان درکاندنی دەنگەکانە و رۆڵ و دەرخستنی کار لە رستەدا و لایەنە واتاسازییەکانی هەموو ئاخاوتنەکە لە خۆی دەگریت(Finch, 2002:1)، وەک:

. ئێمە ئێستا هەندێ قاوەمان ئامادەکردووە.

ئەم گوتەیە، گوتەیەکی کوردییە هەر کوردزمانێک واتای تێدەگات و شارەزای داڕشتن و وشە و واتاکەیەتی، بەڵام ئەگەر

کەسێک لە نەتەوەیەکی تر بێت و کوردی نەزانیت بۆ ئەو نابێ بە کردەی دربڕین.

**١.٤.٢. کردەی مەبەست5:** قسەکەر گوتەی باش و بێ ئامانج و مەبەست ناکات، بەڵکو لە کاتی قسەکردندا لە هزری خۆیدا ئەرکێکی بۆ دیار دەکات، ئەم ئەرکە لایەنی دووەمی گوتنە، کە بە کردەی مەبەست دەناسرێت(ئەو مەبەست یا نیازەی کە ناوەڕۆکی گوتن یا چەکەرەی گوتنەکەی دەیەوێت بگەیێنیت، هەڕەشە بێت، لێبوردن بێت، یان پەشیمانی دربڕین، مەبەست و نیاز لە ژێر دەستەڵاتی قسەکەردایە)، وەک، نمونەی سەرەوە (ژمارە 3)

من ئێستا هەندێ قاوەم ئامادەکرد.

لەم نمونەیەدا مەبەست لە دەربڕینی ئەم گوتەیە، راگەیاندن، داواکردن بۆ خواردنەوەیە، روونکردنەوەی شتێکە، یان بە مەبەست و ئامانجێکی تر دەربڕاوە.

**١.٤.٣. پاشکار:** قسەکەر بە ئاسانی قسەیەک ناکات یان ئەرکێک ناسپێریت ئەگەر کارتێکردن و کاریگەرییەک لە سەر کەسی بەرامبەر یان گوێگری نەبێت. ئەگەر نمونەی پێشتر وەربگرین، بۆ سەرنجراکێشی بۆنی قاوە، یان بۆ رازیکردنی کەسی بەرامبەر کە بانگێشتی قسەکەر قەبول بکات و قاوەی لەگەل بخواتەوە ئەم قسەیە دەکات، ئەمە بە گشتی بە (کاریگەری پاشکار) دەناسرێت، پاشکار روودانی ئەنجامێکە بۆ گوتەکارێک و مەبەستکارێک، بەڵام ئەو ئەنجامەی کە بە دەست دەکەویت، مەرج نییە هەموو کات بە دڵی قسەکەر بێت، دەکرێت کە دژی ئەو مەبەستە بێت و بە دڵی قسەکەر نەبیت(جۆرج یول،1996:85).

لەم سێ لایەنە، کردەی مەبەست لە هەمووان بەهێزترە، لەبەرئەوەی هێزی هەیە و تێدایە، کە بە هێزی مەبەستدار[6] ناسراوە و لە هەموویان زیاتر باسی دەکرێت. لە راستیدا کردەی قسەیی بە واتای سەرەکی، بە تەنیا بۆ هێزی مەبەستداری قسە بەکاردێت، چونکە ئەوەی گرنگی پێ دەدرێت تەنیا هێزی مەبەستداری قسەیەکە.

سرێل وا بیری دەکردەوە، کە هیچ قسەیەک لە سەر دەورووبەری کۆمەلایەتی(social context) و فیزیکی و هزری قسەکەر تێناگەین، کردەی قسەیی بە مەبەستی باوەڕی بە ویست و داخوازی سنوردار نابێت، بەڵکو بە ئەنقەستی[7] (تعمد) تیایدا مەبەستە. بە ئەنقەست لە ئامانجی قسەکەر بەربڵاوتر دەڕوات و بە زمان و باوەڕەکانمان لە کاتی وەسفی جیهاندا پەیوەست دەبن. لە کاتی دەربڕینی ڕستەکاندا، ئامانجی ئێمە بە تەنیا گەیاندنی مەبەست و مەرامی ئێمە نییە، بەڵکو ئێمە بە دوای ئافراندنی هۆکارێکین بۆ ئەوەی کاریگەر بین (sreal, 20:1975)، سرێل لەو باوەرەدا بوو کە بنەمای دەربڕین[8] دەتوانێت یارمەتی ئاخێوەر بدات کە بە کردەی قسەیی جۆراوجۆر کە ئەو مەبەستییەتی، باشتر روونکردنەوە لە سەر مەبەستەکەی خۆی بدات(Fotion,:2000:19).

**١.٤.٤. هێزی مەبەستدار بە دوو شت دەناسرێت:**

١.٤.٤.١. ئامراز و کەرەستەی نیشانەداری هێزی مەبەستدار(illocutionary force indicating device–IFIDs))، کە زۆربەی کارەکانی راپەڕاندن لە گوتندا دەگرێتەوە، وەک:

4. بەڵێن دەدەم، کە بتبینمەوە.

5. ئاگادارت دەکەمەوە، کە دەتبینمەوە.

١.٤.٤.٢. مەرجی گونجان[9]: بۆ ناسینەوەی کردەی قسەیی بە پێی مەبەستی قسەکەر، هەلومەرجی چاوەڕوانکراو و گونجاو هەن، کە لە زاراوە پراگماتیکییەکان بە مەرجی گونجاو ناسراون. لە هەندێ حالەتی ئاشکرا راپەڕاندنی کردەی قسەیی نەگونجاو دەبێت، لە کاتێکدا ئەگەر قسەکەر لە دەورووبەرێکی[10] تایبەتمەند دا نەبێت، بۆ نمونە لەم کاتەدا ئەگەر دادوەر لە ژووری دادگا و لە کاتی دادوەری دا نەبیت(Georg Yule, 1996:88):

1.من بە شەش مانگ بەندکردن سزات دەدەم.

### ٥.١. پێشمەرجەکانی کردەی قسەیی:

هەندێک پێشمەرج بۆ راپەڕاندنی کردەی قسەیی هەن لەوانەش:

١.٥.١. مەرجە گشتییەکان[11]: کە بەشداربووانی قسە پێیەوە پابەندن و بەزمانی گفتوگۆ لێکتێدەگەن.

١.٥.٢. مەرجی ناوەرۆک[12]: بۆ نمونە مەرجی ناوەرۆک بۆ بەڵێندان و ئاگادارکردنەوە ئەوەیە کە قسەیەک دەبێ لەسەر رووداوێکی داهاتوو(ئایندە) بێت.

١.٥.٣. مەرجی پێشەکی[13]: کاتێ بەڵێن دەدەین کە کارێک بکەین، دوو مەرجی پێشەکی هەن: یەکەمیان/ روودان بە خۆی ڕوونادات. دووەم/ ڕووداوەکە کاریگەرییەکی سودمەندی هەبێت(جۆرج یول، ٢٠١٦:٨٨-٨٩).

### ٦.١. گریمانەی ڕاپەڕاندن[14]:

مەبەست لە گریمانەی راپەڕاندن ئەوەیە کە هەر قسەیەک لە سەر رستەیەک ئاوا کراوە کە کارێکی راپەڕاندنی تێدایە و هێزی مەبەستدار تیایدا روون و ئاشکرا دەکرێت، هاوکێشەی رستەی راپەڕاندن لەم نمونانەی خوارەوە بە ئاشکرا دیار دەبێت:

من + لەبەر ئەم هۆکارە + کاری راپەڕاندن + (کە) تۆ + کاری راپەڕاندن

لەم رستەیەدا، دەبێ بکەری رستە کەسی یەکەم بێت و گوزارەی (بەم هۆکارە، لەبەر ئەوەی) دواتر بێت، تاکو پێشان بدات کە دەربڕینی قسە وەک کردەیەک دەربکەویت، بنوارە ئەم نمونانەی خوارەوە:

6.ا. ئەم شوێنە پاکبکەوە.

6.ب. من <u>بەم هۆیە</u> فەرمانت پێدەکەم کە تۆ ئەم شوێنە پاک بکەی.

لە نمونەی 6 (ب)دا، قسەکەر زۆرجار بە بەکارهێنانی (بەم هۆیە) بۆ کاری (راپەڕاندنی ئاشکرا[15]) بەکاردەهێنێت، بەڵام لە نمونەی 6 (ا) بۆ کاری (راپەڕاندنی نائاشکرا[16]) بەکاردەهێنێت، کە زۆرجار بە کاری راپەڕاندنی سەرەکی ناودەبرێت.

### ٧.١. پۆلێنکردنی کردەی قسەیی:

لەلایەن سرێلەوە پێنج شێوە ئەرکی گشتی بە هۆی کردەی قسەیی جێبەجێ دەکرێن کە بە پێنجینەی سرێل دەناسرێن، ئەوانیش:

**١.٧.١. ڕاگەیاندنی[17]:** بە دەربڕینی ئەم کردەیە جیهانی دەرەوە دەگۆڕێت، قسەکەر دەبێ ڕۆڵێکی دەستەڵاتدار و تایبەتی هەبێت. مەبەست لە ڕاگەیاندنی، راگەیاندنی باردۆخێکی نوێیە بۆ گوێگر. قسەکەر بە ڕاگەیاندنەکانی خۆی لە سەر جیهانی دەرەوە گۆڕانی حەقیقی دروست دەکات، بۆیە ئەم کردەیە خاوەنی دوو ڕووی هاوسەنگە لە نێوان زمان و جیهاندا. کردەی ڕاگەیاندنی لە دەمێکدا روودەدات، کە قسەکەر هێز و دەستەڵات(صلاحیات)ی پێویستی هەبێت. کاری کردەی قسەیی ڕاگەیاندنی: دەستپێکی کار، تەواوکردنی کار، دامەزراندن، بەکارخستن، ڕێکەوتن، ناولێنان و..هتد لەخۆدەگرێت. گرنگترین کەرەستەی ناسینی کردەی راگەیاندنی گوزارەی وەک: (من رادەگەیێنم ،من فەرمان دەدەم....)(زەرقانی و الهام اخلاقی،١٣٩١: ٦٩) وەک:

**٧. قەشە: من رادەگەیێنم کە ئێوە ئێستا ژن و مێردن.**

**٨. دادوەری پێشبڕکێ: ئێوە لە پێشبڕکێ دوورخرانەوە.**

**٩. سەرۆکی لێژنەی دادوەری: ئێوە تۆمەتبارن بە تاوان.**

**١.٧.٢. نواندنی[18]:** ئەو جۆرەیە کە قسەکەر لە ڕێگەیەوە، جیهان بەو شێوەیەی کە هەیە و باوەری پێ هەیە پێشان دەدات، ئامانجی کردەی قسەیی نواندنی، روونکردنەوەی چۆنیەتی شت و دیاردەکانە. لە ڕستەی نواندنی گوزارەیەک پێشکەش دەکرێت کە بارودۆخ و کەتوار لە جیهانی ڕستەدا ڕوون دەکاتەوە، بە واتایەکی تر قسەکەر جیهانی دەرەوە لە دەربڕینی نواندنی(پەسنی) بانگەشە، بەدەستهێنانی دەرەنجام و بە شێوەیەک کە باوەری پێ هەیە وێنادەکات(عبداللهیان و باقری، 1396:248). دەربڕینی وەک: گوتەی ڕاست، پشتڕاستکردنەوە و ئەنجام وەرگرتن، لەم جۆرەن، نمونە:

10. زەوی ڕاستە.

11. ئەمڕۆ، ڕۆژێکی گەرم و خۆشە.

**١.٧.٣. هەستەوەری[19]:** دەربڕینی حال و هەوا یا بارێکی دەروونی دیاریکراوە(دزەیی، 57:2011)، لەم کردەقسەییەدا هاوسەنگی جیهان و هزر جێبەجێ ناکرێت. هەستی وەک خۆشحالی و شادی، ئێش و ئازار، حەز، نەفرەت، غەم، چێژ، سوپاسکردن و..هتد، لە خۆی دەگریت، نمونە:

12. من بەڕاستی دڵتەنگم.
13. پیرۆزە.
14. سەیرە، بەڵێ! زۆرباشە، همم، هەروا دەبێ.

قسەکەر بە بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە هەستەوەرییانە، وشەکان لەگەڵ جیهانی هەستەکانی خۆی دەگونجێنێت.

**١.٧.٤. ئاراستەیی(داخوازی[20]):** مەبەست لە کردەی قسەیی ئاراستەیی، داخواز یان ناچارکردنە بۆ ئەنجامدانی کارێک، بە واتاییەکی تر قسەکەر دەخوازێت گوێگرەکەی کارێک ئەنجام بدات، یان شتێک بکات و جیهان لەگەڵ گوزارەیەک کە دەبن بە کار(فعل)ی داهاتوو، گوێگرەکە هاوکوف یان بگونجێنیت بۆ ئەم کارە(یول، ١٩٩٦:٥٤). بە کردەی قسەییەک دەگوترێت کە قسەکەر بە دەربڕینیان، وا دەکات ئەوانیتر کارێک یان شتێک بکەن، ئەم کردە قسەییە، ئەو دەربڕینانەن کە قسەکەر دەیەوێت، وەک: فەرماندان، دەستوەردان، داخوازی، پێشنیارکردن و هتد.. وەک:

15. فنجانێکی قاوەم بدەیێ، با تاڵ بیت.
16. دەکرێ پێنووسەکەتم بە قەرز بدەیێ؟
17. دەستی لێمەدەن.

جێی ئاماژەیە دواتر سرێل کردەی قسەیی ئاراستەیی دابەشی دوو دەستە کرد:

1. **ئاراستەی فەرمانی یان ناچاری[21]**: لێرەدا قسەکەر نییەت یان مەبەستی ئەوەیە، کە گۆڕانێک لە چۆنیەتی ڕەفتار و ئاکاری گوێگر لە بەرژوەندی و سودی خۆیدا دروست بکات، وەک: (فەرماندان، دەستوەردان، داخوازی، داواکردن...هتد).
2. ئاراستەی ئامۆژگاری(ترغیبی[22]): مەبەست و ئامانجی قسەکەر ئەوەیە کاریگەرییەک لە رەفتار و ئاکاری گوێگر دروست بکات، کە لە بەرژەوەندی و سودی گوێگردا بیت، وەک: (ئامۆژگاری و ئاگاداری، ڕێنمایی و راسپاردن..هتد) (سرێل، ١٩٧٦:٦٠)

١.٧.٥. **پابەندی[23]:** ئەو جۆرە کردانەن کە قسەکەر خۆی بە ڕاپەڕاندنی کارێک لە داهاتوودا پابەند دەکات، بۆیە دەرخەری مەبەستی قسەکەرە، وەک: بەڵێندان، هەڕەشەکردن، ڕەتکردنەوە،.. هتد. قسەکەر بە بەکارهێنانی ئەم کردە قسەییانە، پابەند دەبێت وشەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بگونجێنیت، وەک:

18. من دەگەڕێمەوە.
19. ئێمە ئەم کارە ناکەین.
20. مەبەستم ئەوەیە جارێکی تر بە تەواوی ئەنجامی بدەم.

قسەکەر بە هێنانی کردەی پابەندی ناچار دەبێت بە قسەی خۆی وشەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوە هاوکوف بکات.

**٨.١. کردەی قسەیی ئاوێتە:** مەبەست لەم زاراوەیە، ئەو گوزارانەن، کە کاتێ دەیانبینین یان گوێمان لێدەبیت یان دەخوێنینەوە، کارەکەیان کردەیەکی دیاریکراو لەخۆی دەگریت، بەڵام کاتێ دەوروبەر یا کۆنتێکس و چوار دەوری دەقەکە ورد دەبینەوە زیاتر لە کردەیەک هەست پێدەکەین کە ئاماژەی پێداوە. واتە لە ڕووکەشدا یەک کردەی لێ دەبینین، بەڵام لە ناوەرۆکدا یا لە شیکردنەوەی دەوروبەری کردەکە، یا لە ئاستی ژێرەوەدا، کردەی قسەیی تری لێی دەهەڵێنجێت. ئەمەش زیاتر کاتێک ڕوودەدات کە قسەکارانی زمانێک لە رووی مەعریفییەوە چۆن لە دەورووبەری خۆیان دەڕوانن و لە ناو هزر یان ئاوەزیان

لێکدانەوە بۆ شتەکان دەکەن. بە تایبەت لە وێناکردنی نمونەی جۆری(prototaype) کە بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چۆن دەڕواننە بابەتەکان و لێکدانەوەی بۆ دەکەن.

پێش ئەوەی باس لە شیکردنەوەی دێڕە شیعرییەکانی ئەحمەدی خانی بکەین، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە سەرەتادا باسی کردە قسەییە سەرەکییەکانمان کردووە، دواتر باس لە کردە ئاوێتەکە کراوە، کە هەر یەکەیان زیاتر لە جۆرێک لە مەبەست و مەرامێکی کردەیی تێدایە، یا بە واتایەکی تر بۆ نمونە جگە لەوەی کردەی قسەیی ڕاگەیاندنی لە خۆی بگریت، دەکرێ بە کردەی قسەیی هەستەوەریش لێکدانەوەی بۆ بکەین. هەروەها ئەم دیاردەیە بە سێ قۆناغ دەستنیشان دەکرێت کە پێی دەوترێت: (شێوەی کاریگەری سێ لایەنی) (عبداللهیان، باقری، ١٣٩٦:٢٤٩):

قۆناغی یەکەم/ هەر ڕستەیەک بە لایەنی کەم، خاوەنی کردەیەکی قسەیی سەرەکییە لە ناوەرۆکدا، بۆ نمونە بەرهەمی ئەدەبی کە خاوەنی لایەنی جیاوازن و زمان تێیدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینیت، زیاتر لە کردە و مەبەستکارێک دەکرێ تێیدا بدۆزرێتەوە، بەڵام یەکیان دیارترە.

قۆناغی دووەم/ دەبێت ئاگاداربین کە، لە ڕستەی دەستپێکی بەرهەمێک تا کۆتایی، بە دووبارەکردنەوەی هەر یەک لە مەبەستکارەکان ڕەوتێکی بەهێز لە کردەکە دروست دەبێت، کە لە هەموو ڕستەکان پێکهاتووە، بۆ نمونە کردەی هەستەوەری.

قوناغی سێیەم/ تێکەڵی هەر یەک لەم پێنج کردە قسەییە جیاوازانە، دەرهاوێشتە یان ڕەوتێکی گشتی پێکدەهێنێت، کە کاریگەرییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەدا ڕوونکردنەوەی سێ خاڵ پێویستە: یەکەم: بە خوێندنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی هەموو ئەم سێ قۆناغە پێکەوە ڕوودەدەن، دووەم: توانای هەر یەک لەم سێ قۆناغە بە تەواوی لە یەکتر جیاوازە. سێیەم: ئەم سێ قۆناغە هیچ پەیوەندییەکیان بە کاریگەرییەکانی کردەی قسەی سرێل و ئۆستنەوە نییە، لەبەر ئەوەی مەرج نییە گوێگر پابەندی کردەی قسەیی قسەکەر بێت.

**٢. کردەی قسەیی ئاوێتە لە (مەم و زینی ئەحمەدی خانی)دا:**

**٢.١. نمونەی شیعری ئەحمەدی خانی24:**

لێرەدا چەند نمونەیەک لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی دەخەینە بەرچاو و جۆری ئەو کردە قسەییانەی تیایدا هاتوون ڕوون دەکەینەوە.

١٨٩. ساقی  تو ژبۆ خودێ کەرەم کە

یەک جورعەیێ مەی د جامێ جەم کە

خانی بە هێنانی کاری (کەرەم کە) و لە دێڕی دووەمدا، بە گوزارەی (د جامێ جەم کە)، هەردووکیان دەچنە ناو چوارچێوەی کردەی قسەیی ئاراستەیی(داخوازی). قسەکەر بەم جۆرە دەربڕینانە، لەبەرامبەر گوێگر، گوێگر ناچار دەکات، کاردانەوەیەکی هەبێت، ئەم کردە قسەییە، ئەو شتە دەردەبڕیت کە قسەکەر دەیەوێت، وەک فەرماندان، داخوازی، پێشنیار و هتد..، ئەم دێڕە لێرەدا زیاتر داخوازییە، بەڵام لەلایەکی تر، کاتی زیاتر سەرنجی دەدەین و بچینە ئاستی ژێرەوەی، دەبینین کە نەیوتووە (ساقی وەرە)، کاری (کەرەم کە) هاتووە کە کارێکی ڕێزگرتنییە، لە ڕێزگرتندا جۆرێک لە هەستەوەری دەردەکەوێت، بۆیە لە ناوەرۆکدا بە غەریبی و پاکییەکی زۆر یا پڕ بە عەتف و حەنانەوە داخوازی مەی لە ساقی دەکات، دڵێ شاعیر وا پڕە کە وا بیر دەکاتەوە کە نەی و جام دەتوانن تیماری دڵی بکەن، بۆیە لە ئاستی ژێرەوە کردەی قسەیی هەستەوەری یان عاتفی دەردەکەویت.

١٩٠. دا جام ب مەی جیهان نوما بت

هەرچی مە ئیرادەیە خۆیا بت

لە شرۆڤەکردنی ئەم دێڕەدا، قسەکەر ئامانجی مەی و پڕکردنی جام دەگەڕێنێتەوە سەر ئەنجامێک و تیایدا نیشانەیەکی کەسی[25] (مە- ئێمە)ی هێناوە، کە یەک لە کەرەستەکانی پێشاندەری هێزی مەبەستدارە (یول، ١٩٩٦:٨٧)، بەم شێوەیە دەتوانین زۆر نیشانەی کەسی لەم دێڕەدا دەستنیشان بکەین، لەبەر ئەوەی (مە) پێکهاتووە لە (من+من+من...) شوێن(مکان)یش نزیکە لە قسەکەر و گوێگر(ساقی)، کە ئەویش جیهانە، قسەکەر بە هێنانی کاری (خوەیا بت) کە کاتی کاری داهاتوویە، خۆی

پابەندی (ئیرادە) دەکات. واتە ئەم دێڕە دەچێتە ناو چوارچێوەی کردەی قسەیی پابەندی(تعهدی). دیسان لەبەرئەوەی کە گوزارەی (جیهان نوما بت) لە نیو دێڕی پێشتردا هاتووە، کردەیەکی قسەیی (ڕاگەیاندنی)یە و وەک پاشکار خۆی دەردەخات، بەڵام دیسان لە دێڕی پێشتر دا، لە ساقی داوادەکات مەی بۆ تێبکات تاکو هەرچی هەیە ئاشکرا بکات، ئەوەی لە بن بەڕێیە بێنێتە سەر بەرێ و ئەنجامێک بەدەستی بکەوێت، کە وابێت ئەم دێڕەش دەچێتە کردەقسەیی پەسنی یان نواندنی.

١٩١. دا کەشف ببن ژ بەر مە ئەحوال

کانێ دبتن مویەسسەر ئیقبال

لەم دێڕەدا (کەشفبوونی ئەحوال) کردەی مەبەستدارە و هێزی کردەی هەموو لەم رستەیەدا کۆبوویتەوە، بەڵام قسەکەر بە خۆی کردەی پاشکار دیاردەکات کە (ئیقبال مویەسسەر نابیت)، لێرەدا ئەرکی مەی وەک کردە هێزێک دەردەکەوێت، بەڵام کردەی پاشکار بە گومانەوە باسی لێدەکرێت، لەبەرئەوەی بە پرسیار(کانێ) گوزارەکەی هێناوە و دەبێ ببێت یان نەبێت. سرێل لە ناو کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ[26]، جیاوازی کردووە و یەکەم جار بۆ ئەم مەبەستە رستەی ئینگلیزی دابەشی سێ جۆر ڕۆنان[27] کردووە، ئەوانیش ڕۆنانی هەواڵی، پرسی و داخوازی یان فەرمانییە(زرقانی، الهام اخلاقی، 70:1391). نیو دێڕی کۆتایی ڕۆنانێکی پرسییە، کردە قسەییەکە دەچێتە ناو چوارچێوەی ئاواتەخوازی یان داخوازی، دەکرێ و لەوانەشە نەکرێ بەڵام ئاواتەخوازە کە ئیقبال مویەسسەر بێت.

١٩٦. رابت ژ مە ژی جەهان پەناهەک

پیدا ببتن مە پادشاهەک

لەم دێڕەدا، قسەکەر دەیەوێت وەک خەلکی تر، لە ناو ئێمەش کەسێک هەڵکەوێ و ببێتە خاوەن پادشایەک، کاری (رابت و پەیدا ببتن) دوو کاری داخوازین(خۆزگەیی) و لە هەمان کاتدا ئاراستەی گوێگر کراوە کە کەسی ئامادە نییە. لێرەدا کردەی قسەیی ئاراستە شێوەی داخوازی یان ڕێنوێنی و ئامۆژگاریکردن[28](ترغیبی) هەیە، کە مەبەستی دروستکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکە لە گوێگردا و سود و قازانجی گوێگری تێدایە ، کە بە دێڕی دواترەوە دەبەسترێتەوە:

١٩٧. شورێ هونەرا مە بێتە زانین

قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین

١٩٨. دەردێ مە ببینیتن عیلاجێ

علمێ مە ببینیتن رەواجێ

دوای هاتنی کردەی قسەیی گلەیی و گازاندە کە لە دێڕەکانی پێشتردا قسەکەر لە بەخت و چارەنووسی کورد کردبوو، دوای هێنانی زۆریک لە کردەی قسەیی ئاراستەیی و داخوازی، کە هەندێکیان ئاراستەیی (فەرمانی و ئیلزامی[29])ین، بۆ ئەوەی ئەنجامێکی هەبێت و ڕاسپاردەکانی شوێنی خۆیان بگرن، ئەم دێڕانە دەهۆنێتەوە. بە واتایەکی تر، لێرەدا کردەی قسەیی لە چوارچێوەی کردەی قسەیی نواندنی دیاردەبن، لەبەرئەوەی کە ئەنجامێک یان پشتراستکردنەوەیەک لەم دێڕانەدا دیاردەبیت. لەم نمونە گوتارەدا، وا دیارە کە قسەکەر گۆڕانێک لە هەڵبژاردنی کردەکانی خۆی دروست دەکات، تاکو لە وەسف و پەسنی هزری کەسی خۆی سەرکەوتوو بێت لە دروستکردنی کاریگەرییەک لە گوێگردا کە شایستەی قبولکردن بێت.

لە 45 دێڕی مەم و زینی خانیدا، کە دێڕەکانی 189 تا 234 لەخۆدەگریت، لە بەشی (ئەشاعرێ مدحەتا تەوائفێ د کوردانە، ب شوجاعەت و خیرەتێ و ئیزهارا بەدبەختی و بێ تالعی یا وانە، دگەل هندە سەماحەت و حەمییەتێ). بەم شێوەی خوارەوە ئەم دێڕانە دابەشی کردەی قسەیی پێنجینەیی سرێل بوونە:

دابەشبوونی دێڕەشیعرییەکان بە پێی کردەی قسەیی سرێل:

| ز | جۆری کردەی قسەیی | ژمارەی دێڕەکان بە پێی کتێبی پەرویز جیهانی |
|---|---|---|
| 1 | ئاراستەیی | 189,190,191,192,193,194,196,197,198,199,201,202,203,204,205,207,209,210,211,214,215,216,217,222,223,224,227,228,229,230,231 |
| 2 | هەستەوەری | 189,205,225,230 |
| 3 | راگەیاندنی | 208,209,210,212,215 |
| 4 | پەسنی | 190,191,192,193,195,196,197,198,200,201,204,206,211,212,213,219,220,221,226,228, |
| 5 | پابەندی | 207,232,233,234 |

خشتەی ژمارە (1)

ژمارەی ئەو دێڕانەی بە تەنیا یەک کردەی قسەییان تێدایە:

| ئاراستەیی | هەستەوەری | راگەیاندنی | پەسنی | پابەندی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 13 | 1 | 1 | 8 | 3 | 26 |


خشتەی ژمارە (2)

ژمارەی ئەو دێڕانەی زیاتر لە یەک کردەی قسەیی لە خۆ دەگرن:

| ئاراستەیی- پەسنی | ئاراستەیی- پابەندی | ئاراستەیی- هەستەوەری | ئاراستەیی- راگەیاندنی | راگەیاندنی – پەسنی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 11 | 1 | 3 | 3 | 1 | 19 |


خشتەی ژمارە (3)

**ڕێژەی ئەو دێڕانەی تەنیا یەک کردی قسەیی لە خۆ دەگرن:**




چارتی ژمارە (1)

**ڕێژەی ئەو دێڕانەی زیاتر لە یەک کردەی قسەیی لە خۆیان دەگرن:**




چارتی ژمارە(2)

**٢.٢. شیکردنەوی داتا بەدەستهاتووەکان:**

دەتوانین بە پێی ئەم داتایەنەی کە بە دەست هاتوون، بۆ هەر کردەیەکی قسەیی پێنجینەی سرێل، شرۆڤە بۆ شیعرەکانی ئەحمەدی خانی بکەین. هزر و دیدی شاعیر هەست پێبکەین، لێرەدا هەندێ لەو شیکردنەوانە دەخەینە بەرچاو:

**٢.٢.١. کردەی ئاراستەیی(ترغیبی):**

هەر وەک لەم دوو چارەتەدا دەردەکەوێت، بەشی زۆری دێڕە شیعرەکانی خانی کردەی قسەیی ئاراستەیی لە خۆی دەگریت(زیاتر لە نیوە). زۆری و بەربڵاوی ئەم کردە قسەییە لە شیعرەکانی خانیدا، بۆ شاعیر کە بە دوای وەسف و پێکهێنانی جیهانی ئایدیایی شاعیرانەی دەچیت زۆر لۆژیکییە. ئەم کردەیە هەوڵ دەدات جیهانی دەرەوە، لەگەل بارودۆخ و کاودانی(پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی) شاعیر لە ڕێگەی گوێگر هاوسەنگ بکات یا بگونجێنیت(الاهیان و باقری، ١٣٩٦:٢٥١). خانی لە ناوەرۆکی دێڕە شیعرییەکانیدا، بە کردەی ئاراستەیی لەلایەک بە نرخاندن و ڕەخنەگرتنی بارودۆخی جیهانی هەیی، گوێگرەکەی ئاراستەی جیهانی خۆی دەکات و لە لایەکی تر بە هێنانی جێگرەوەیەک بۆ شێوازی ئەم ژیانە گوێگری خۆی بانگهێشتی جیهانی خۆی دەکات. شێوازی ئاراستەکردن و هاندانی شاعیر لە شیعرەکاندا، بە جۆرێکە کە بەم کردەیە گوێگری خۆی بە ئەنجامدان یان وازهێنانی کارێک یان بارودۆخێک هاندەدات، تاکو هاوکوف بێت لەگەل جیهانی ئایدیایی شاعیر. سەرکەوتنی کردەی ئاراستەیی قسەکەر بە ئەنجامی کردەی پاشکار پەیوەست نییە، یان بە واتایەکی تر، ئەگەر گوێگر لە ئەنجامی ئەم هاندانە کردەیەک ئەنجامنەدات، بە واتای سەرنەکەوتنی کردەی ئاراستەیی شاعیر نایەت، لەبەرئەوەی کاردانەوە(ردفعل)ی گوێگر بەشێک لە مەرجی کردەی ئاراستەیی و مەرجی تایبەتمەندی کردەکە نییە.

ئۆستن و سرێل، لەم باوەرەدا بوون کە ئەرکی زمان تەنیا گواستنەوەی زانیاری و وەسفکردنی ڕووداوەکانی جیهان نییە، بەلکو زمان هۆکارێکە بۆ کردە و کاریگەری لە سەر کەسەکان، هەروەها لە دیدی ئەوان لە ڕاستی و حەقیقەتی ئەم کردەیانە ئێمە ناتوانین تێبگەین، ئەگەر لە بەکارهێناندا نەبیت(شوانی، ٢٠١٦:٤٥)، بۆیە لێرەدا، خانی هەر وەک (پیتەر بێرگێر)، ئامانجی ئەوەیە کە خەلک بزانیت چۆن خۆیان بەڕێوەببەن، بە واتایەکی تر میللەتانی تر پێیان نەڵێن چی بکەن یان چی نەکەن؟ بە پێچەوانەوە خۆیان ببنە خاوەنی خۆیان و ئەوان ڕێنوێنی خەلکی بکەن. هەرچەند کە مرۆڤ فریشتە نییە و هیچ کاتێک ئێمە ناتوانین بەهەشتێک لە سەر زەوی دروست بکەین(Berger, 223:1996).

له کۆتاییدا شایانی باسه که، خانی دەیەوێت بە نەرێنی کردنی داب و نەریتی ناپەسەند و تازەکردنی بیر و هزری تاک بەربەستەکان هەڵبگریت و یەکگرتوویی کوردان پێوە ببەستیتەوە. خانی دەیەوێت بە شێوەیەک ئاراستەمان بکات بە تێروانینی مێژوویی(رابردوو)، لەبەر ئەوەی رابردوو هەر ئێستایە و لە کەتوار(واقع)دا ئێستا لەگەل رابردوو و ئاینده به یەک چاو دەبینرێت. بۆیە بەشێکی زۆر لە دێرە شیعرەکانی لە: گلەیی، داخوازی، ئاراستەکردن، رێنوینیکردن..هتد پێکهاتووە.

### ٢.٢.٢.کردەی نواندنی:

بە پێی خشتە و چارتەکانی سەرەوە، ئەم کردەیە دوای کردەی ئاراستەیی دێت، خانی لەم کردەیەدا رووداو و واقعی دیاردەکانی جیهانی خۆی بەم شێوەیە کە باوەری پێ هەیە وێنا دەکات. لە کردەی پەسنیدا، لەگەڵ بانگەشەی شاعیر رووبەروو دەبینەوە، کە لە سەر موکورِبوون و راوەستان لە سەر خەلک پێکهاتووە. یان ئەنجامی خاڵێک، ئەویش بێخاوەنی و نەبوونی دەستەڵاتێکی کوردییە. سەرەرای ئەوەی کە پەسنی کوردان بە شێوەی زۆر و بەربڵاو لە دێرەشیعرییەکانیدا هاتووە، پەسنی وەک:(خالس و تەمیز، شیر هیممەت، شوجاعەت، بەزلێ حاتەم، رەزمێ رۆستەم، شوبهێ بورجان، جوامێری، مێرینی و خیرەت، علۆڤی هیممەت و سەخاوەت..هتد) بەڵام لە هەمان کاتیش دا پارادۆکسەک لەلای شاعیر هەیە بۆ پەسنی نەرێنی وخراپ، وەک: (بێتیفاق، ب تەمەرِۆد و شیقاق، حمل بارێ مننەت، کلید سەرحەد.. هتد). خانی کردەی پەسنی زیاتر لەگەڵ هەندێک رستە دەهێنیت کە هەڵگری کردەی مەبەستدارن، بە شێوەیەکی تر دەربرِینەکانی حال و باردۆخی بێ خاوەنی کوردان بۆ جیهانی ئەو دەگەرِێتەوە، لەم گەرِانەوەشدا سود لە هەندێ رستە وەردەگریت کە بە هۆی مکورِبوونی رەوتێکی هەستەوەری(عاتفی) لە قسەکانیدا رەنگدەداتەوە. خانی لەم کردە قسەییەدا، کورد نەک تەنیا دەکاتە خاوەنی کوردستان، بەڵکو دەکرێ (رۆم و عەجەم و تاجیک)یش لە ژێر فەرمانی کورد دابن، بەڵام بە داخەوە تەمەرِود، بێتفاقی، بێمننەتی، نەزانی، جەهالەت ..هتد، نەیهێشتووە کورد بەسود بن.

### ٢.٢.٣. کردەی پابەندی:

لە دێرەکانی پابەندیدا، مەبەستی شاعیر دروستکردنی گۆرِانێکە لە جیهانی دەرەوەدا، لە رێگەی ئەنجامی ئەو شتانەی کە لە ناوەرۆکی رستەکاندا دەردەکەویت، کە ئەنجامی کارێک بە دەستی خۆی مسۆگەر بکات. کردەی پابەندی زیاتر لە ناوەرۆک و دەق و تێکستی داوەری و کارگێری و ئایینی و ئاخاوتنی رۆژانە بەکار دێت، هەر لەبەر ئەمە ناکرێ لە دەقی ئەدەبی چاوەرِێی کردەی قسەیی پابەندی بین، بەڵام خانی لە هزر و خەیاڵی خۆیدا بە هێنانی راناوی (مە، ئەم، کورد) پابەندی هەندێ خەسلەت و تایبەتمەندی کردوین، پابەندی ئێمە بە (تەکمیلا دین و دەوڵەت، تەحسیل علم و حکمەت) هەندێ لەو نمونانەن کە پابەندی تیایدا بەدیاردەکەویت. ئەم کردە پابەندییانەی کە خانی هێناویەتی زۆربەیان مەرجی تێدایە، واتە پابەندی هەندێ رێسا و شەرع و یاسا بین ئەوکات دەتوانین کردەی نواندنی جێبەجێ بکەین، بۆ نمونە ئەگەر بەڵێنی یەکگرتوویی و تفاق هەبێت، ئەو کات دەتوانین سەرکەوین.

### ٢.٢.٤. کردەی هەستەوەری:

لە دێرە شیعرییەکانی خانیدا، هەرچەند لە رووکەشدا کردەی هەستەوەری یان عاتفی کەم دەردەکەون، بەڵام لە ناخ و ناوەرۆکدا رێژەیەکی زۆر کردەی هەستەوەری تێیدا هەن. ئەمە نیشانەی گرنگی بونیادی تێروانینێکە کە لە هزری خانیدا هەیە. لەم کردەیەدا کە گونجانی جیهان و هزری تیایدا نییە، خانی رامان و هەست و حالەتەکانی دەروونی خۆی لە گەل گوێگر باس دەکات، لە گوێگر داوا دەکات لە پەنجەرەی شیعری کە هەموو شت تیایدا شێوەیەکی نوێی هەیە لە دونیا بنوارِیت، جیهانێک کە لەلایەک پێکهاتووە لە جیهانبینی، رامان، رەخنە و رایەکانی، کە تیایدا ئێمە رووبەرووی وەڵامی پرسیاری واتای ژیان دەبین. خانی راست و رەوان مەزلومییەتی گەلی خۆی هێناوەتە سەر زمان، بە شێوەیەک کە دەربرِینی برینێکی قوڵی مرۆڤایەتی کردووە، دەیەوێت خەو و ئامانجی گەلی خۆی بەجێبگەیێنی وخەم و ناخۆشییەکانی میللەتی خۆی چارەسەر بکات(محمد عومەر، 122:2018). دلی شاعیر لەم دێرانەدا لە ئاستی ژێرەوە بە ئاگری ئالۆزی، پەرێشانی، غەریبی، بێکەس،

بێخاوەنی، بێدەوڵەتی، زوڵم و زۆری، ناحەقی، نەزانی، بێئیقبالی و..هتد، سوتاوە، لە هەر دێڕێکدا لە ناخ و ئاستی ژێرەوە هەست بەم بابەتانە دەکرێت.

**٥.٢.٢. کردەی ڕاگەیاندنی:**

لە دێڕەکانی ڕاگەیاندنی(اعلامی)، مەبەستی قسەکەر دروستکردنی گۆڕانێکی کەتواری لە جیهانی دەرەوەدایە، هەر وەک لە پێشدا ئاماژەماندا، پێویستە کەسی قسەکەر ڕۆڵێکی دەستەڵاتدار و خاوەن هێزی هەبێت، یا توانای گۆڕانێک لە جیهانی دەرەوەیدا هەبێت، خانی لە شیعرەکانیدا، ناتوانیت بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئەم کردەیە دەربخات، لەبەرئەوەی نە دەستەڵاتدارە، نە دادوەر، نە مەلا و قەشە، نە ئاغا و کوێخایە، بەڵام خانی گۆڕانێکی گەورەی لە هزر و دەروونی هەر خوێنەرێکی کورد کە هەوێنێکی نەتەوەیی هەیە دروستکردووە. زمان توانای بەکارهێنانی هێزی هەیە، بە ئاشکرا ئاخاوتنی هەندێ کەس، لە هەندێ کەسی تر بەهێزترە، ڕامان و هزری لایەن و کەسە دیارەکان جێی متمانە و باوەڕییەکی زۆرترە، خانی کەسێکی وا بووە بۆ گوێگرەکەی. خانی لە مەم و زینەکەیدا توانیویەتی ئەوەی کە لە هزر و بیریدا بووە بکاتە وشە و ڕستە و دیوانە پڕ گەوهەرە نەتەوەییەکەی پێ دروست بکات، بە کورتی توانیویەتی گشت لایەنەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بە بێ دوودڵی و ترس دەرببڕیت و ئەم ئایدۆلۆژیایە بخاتە ناو هزری هەر تاکێکی کورد، وەک سیمبۆلێکی ناسیۆنالیزمی کوردی خۆی دەربخات، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین کە کردەی قسەیی ڕاگەیاندنی هەیە.

**٢.٣. شیکردنەوەیەکی گشتی لە سەر زمانی خانی:**

دوای ئەم بابەتانەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێدا ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری فەلسەفەی زمانی خانی بکەین، دەکرێ دید و بۆچوونەکانی لە دوو خاڵدا چڕبکەینەوە:

٢.٣.١. زمان بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ئاستی جودا هەڵگری ئایدۆلۆژیایە، هەر بۆیە ((هەموو کارەکتەرێک لە ناو جیهانە ئایدیۆلۆژیاکەی دەژی و کاردەکات.)) (باختین،١٩٨٨ :١١٣ و حەسەن، ٢٠٢٣:٣٦). جێگرەوەیەک بۆ ئایدۆلۆژیا دەبێ کردەی قسەیی بن، چاکەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیا وەک دیاردەیەک کە لە ڕووداوی زمانیدا دەخولێتەوە دیاری دەکات(ڤێرکلاف، ١٣٧٩:٩٢). پێناسەی مایکل فریدن Michael Freeden)) لە ئینسکلۆپیدیای فەلسەفەی ڕۆتلێجدا پێشکەشی کردووە دەتوانرێت وەک پێناسەیەکی تاڕادەیەک سادە بۆ چەمکی ئایدۆلۆژیا هەژمار بکرێ:

دەڵێت: ئایدۆلۆژیا بریتیە لە کۆمەڵێک بیر و باوەڕ و هەڵوێستی هۆشیارانە یان نائاگا کە تێڕوانین و تێڕوانینە هەڵەکانمان بۆ جیهانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە قاڵب دەدەن. "ئایدۆلۆژیا کاریگەری لەسەر حوکمەکان، ڕەفتارەکان، بڕیارەکان و پێشنیارەکان هەیە." زمانی خانی دەرخەری ئایدۆلۆژیایەتی، ئەم ئایدۆلۆژیایە لەسەر جڤاکی کوردی بەشێوەیەک ڕوخسارێکی لۆژیکی و سروشتی وەرگرتووە، کە گوتاری هێز هەر لە دەستیدا ماوە و بەم گواستنەوەی هزری کەسی خۆی لە چوارچێوەی گوتاری زمانیدا سەرکەوتوو بووە لە کاریگەری خستنە سەر هزری لایەنی بەرامبەر کە گوێگرە. هەروەک ئاماژەمان پێکرد، لە گواستنەوەی بیر و هزرەکان لە چوارچێوەی گوتاری زمانیدا، پەیوەندی تاک و کۆمەڵایەتی فراوان دەبێت. دەتوانن ئەوە بسەلمێنن کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات شێوە بە گوتارەکان دەدەن. ئەم پەیوەندییانە بەرهەمی ناکۆکی و ململانێن و لەلایەن کەسانی خاوەن دەسەڵاتەوە دروست دەکرێ(Azeez & other, 2023:490)، زمان و بەتایبەت نیشانە زمانییەکان، لە گواستنەوەی هزر لە پەیوەندی مرۆڤەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، ئەم بابەتە گرنگی زمانی لە سیاسەتدا دەردەخات، زمان وەک سیستەمێکی ئاخاوتنی لە بەکارهێنانی هێما و لە بابەتی سیمبۆلیکدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، زاراوە و وشەی سیاسی تەنیا کەتواری سیاسی دەوروبەری خۆی پێشان نادات، بەڵکو لە بنیادنانی جیهان لە هزردا کاریگەری هەیە، لەبەر ئەوەی کار لە سەر شێوازی بیرکردنەوەمان دەکەن و دیدی ئێمە بۆ بابەتی سیاسی پێکدەهێنن. بە هەر شێوەیەک لە سیاسەتدا زمان زیاترە لەوەی کە وەک ئامێرێکی پەیوەندی سەیر بکرێت، زمان بە چەکێکی سیاسی هەژمار دەکرێت(معینی، 103:1378). خانی لەم چوارچێوەیەدا بە گوتاری خۆی توانیویەتی ئامانجەکانی خۆی بپێکێت لە پێگەیاندنی کەسی خوێنەر و گوێگرەکەی.

٢.٣.٢. بابەتێکی تر کە لە سەر شیکردنەوەی گوتاری خانیدا جێی هەڵوەستەیە، بابەتی مودێرنیتەیە، مودێرنیتە لە سەردەمی دوای خانی لە هەموو لایەنەکانی ژیان رەنگیدایەوە، بە تایبەت لەلایەنی مەعریفی و رۆشنبیریی کە لەلایەن زانا رۆژئاواییەکانەوە دەرکەوت و بووە یەک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی نەتەوەکانی بێ دەوڵەت، بەڵام مۆدێرنییەت دا لەگەڵ خۆی گوتارەکی نوێی بۆ ناسیۆنالیزم هێنایەئاراوە، ئەویش رەنگدانەوەی هزری و فکری بوو لە ناو ئەدەبیاتەوە بە تایبەت لە شیعرەکاندا(Simko Mihemed, http://www.hewalnews.com, 2019/4/19). بە هۆی ئەو خەیاڵەی کە شاعیرەکان، لە هزری خۆیاندا توشی دابڕانێکی مەعریفی بوون لەنێوان کلاسیکییەت و مۆدێرنیتەدا هەر بۆیە مۆدێرنیتە لە ناو شیعرەکانیاندا شین ببوو و بووە جۆرەک لە رووتێکردن و هاندان. لەلایەن کوردەکان ئەم چەمک و تێگەیشتنە لەو کاتەوە سەریهەڵدا کە شاعیرێکی وەک ئەحمەدی خانی هزری ناسیۆنالیزمی هەبوو، خانی بەر لە ناسیۆناڵیستە ئەورووپییەکان هزری نەتەوەیی بە واتای مۆدەرنیتە لە سەردا هەبوو، لەبەر ئەوەی کە خانی لە کاتێکی زوودا هەستی بەوە کردبوو کە کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە ئاریشەی نەتەوەیی هەیە بە هۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری گوتارەکەی لە سەر سەربەخۆیی کوردانە، بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەش کردە قسەییەکانی ئاراستەیی و وەسفی یا نواندنی پێکەوە یا بە شێوەی کردەی قسەیی ئاوێتە پانتاییەکی زۆری شیعرەکانی داگیرکردووە.

**ئەنجام:**

کردەی قسەیی بەکارهاتوو لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانیدا، بە پێی پێوەرەکانی پێنجینەی سرێل، زۆرتریان دەکەونە چوارچێوەی کردەی ئاراستەیی یا تەوجیهی، کە لە جۆرەکانی: گازاندەیی، داخوازی، هاندانی و رەخنەیین.

١. هۆی زۆربوونی رێژەی کردەی قسەیی ئاراستەیی لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئایدۆلۆژییەی کە خانی هەیبووە تاکو هەژموونێک بە سەر گوێگرەکانیدا دروست بکات.

٢. لەبەرئەوەی کورد ئێستا و ئەوکاتیش پێویستی بە هزری سیاسی و نەتەوەییە بۆیە کردەی قسەیی ئاراستەیی زۆرترین رێژەی لەخۆگرتووە و هەروەها شاعیر بە هۆی عەقلانییەتی کێشەکانی کەمتر بە لای کردی قسەیی هەستەوەری و راگەیاندنی دا چووە.

٣. خانی نەک تەنیا راڤە و شرۆڤەی ژێردەستی و کێشەکانی نەتەوەکانی خۆی کردووە، لە هەمان کاتدا باسی چارەسەری نەهێشتنی ئەم کێشانەی کردووە، لە قالبی کردەی قسەیی پەسنی و راگەیاندنیدا.

٤. کردە قسە ئاوێتەییەکانی ئەحمەدی خانی زۆربەیان (ئاراستەیی- پەسنی)ن، بە هۆی ئەوەی 58٪ ی دێڕە شیعرەکانی لەخۆگرتووە

٥. شیعرەکانی خانی لە رووی روخسار یا فۆرمەوە، جۆرێک لە کردەی قسەیی پێشان دەدات و لە هەمانکاتدا لە ناوەرۆکیش کردەیەکی قسەیی تر لە خۆی دەگریت، ئەمەش بە هۆی ئەو دیدە مەعریفییەیە کە لە ئاوەزی شاعیر دا لەلایەک هەیە و لەلایەکی تر ئەو سیمانتیکە مەعریفییانەی لە بە شێوەی نمونەی جۆری (prototype)ی لە ناو ئاوەزی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی گشتی دا چەکەرەی کردووە.

**سەرچاوەکان:**

-ابراهیم، محمد عمر ، ناسیۆنالیزم و زمان و دەولەت لای ئەحمەدی خانی، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە (١٥)، کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨.

-باختین، میخاییل، الکلمه فی الروایه: ت: یوسف الحالق: منشورات وزاره الثقافه: دمشق(١٩٨٨).

-خانی، ئەحمەد (دیوانا مەم و زین)، راڤە و شرۆڤە یا پەرویز جیهانی، بەرگێ ئێکێ، چاپخانا سپیرێز، دهوک ٢٠٠٧.

-خزاعی، سارا و مریم سلطان بیاد، محمودرضا قربان صباغ، تحلیل فمینیستی گفتمان و توازن قدرت در رمان شمال و جنوب اثر الیزابت گاسکل بر پایۀ نظریۀ کُنشها ی گفتاری جان سِرل، فصلنامه مطالعات زبان و ترجمه (دانشکده ادبیات و علوم انسانی) علمی- پژوهشی، شماره دوم تابستان ١٣٩٥.

-حەسەن، محەمەد ئەحمەد، ئایدۆلۆژیا و گوتاری چیرۆکی کوردی، چیرۆکی ساڵانی ١٩٦٩-١٩٥٠ بە نموونە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان بەرگی. ٢٧ ،ژمارە،٦. ساڵ (٢٠٢٣).

-دزەیی، عبدالواحد موشیر ، پراگماتیکی دەق و گوتار، هەولێر، ٢٠١٤.

-.....................، زانستی پراگماتیک، هەولێر، ٢٠١١.
-زرقانی، سید مهدي و الهام اخلاقی ، تحلیل ژانر شطح بر اساس نظریه کنش گفتار فصلنامه علمی- پژوهشی ادبیات عرفانی دانشگاه الزهراء ، بهار و تابستان، سال سوم، شماره٦، سال١٣٩١.
-سرل، جان راجر، افعال گفتاری ترجمه محمدعلي عبدالهی، قم: پژوهشگاه علوم و فرهنگ اسلامی١٣٨٧.
-ـــــــ (نگرشهای نوین در فلسفه فلسفة تحليلي .ترجمة محمد سعیدی مهر، قم: مؤسسه فرهنگی طه ـ دانشگاه قم، ١٣٨٠.
-سورخی، رحیم ، شیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری رۆژنامە نووسی کوردی(١٩١٨-١٩٣٢)، چاپی موکریان، هەولێر، ٢٠١٢.
-شوانی، ابراهيم احمد ، دەقناسی، چاپخانەی و. رۆشنبیری، ٢٠١٦
-عبداللهیان، حمید، و علی اصغر باقری، کنش گفتاری پنجگانه در شعر ((صدای پای آب)) سپهری. فصلنامه زبان و -ادبیات فارسی، سال ٢٥، شماره ٨٢ بهار و تابستان ١٣٩٦ ص٢٤٢- ٢٥٨
-فرکلاف، نۆرمن، تحلیل انتقاد گفتمانی، ترجمه رضا ذوقدارمقدم و دیگران، تهران، ١٣٧٩.
-محمد، سمکۆ، ناسیۆنالیزم و مۆدێرنە.http://www.hewalnews.com 2019/4/19
-معینی، جهانگیر و دیگران، گفتمان و تحلیل گفتمانی، انتشارات فرهنگ گفتمان، ١٣٧٨.
-یار محمدی، لطف الله ، گفتمان شناسی رایج و انتقادی، انتشارات هرمس، چاپ اول،١٣٨٣.
-یول، جۆرج ، مەبەستناسی(پراگماتیک)، وەرگێڕانی د.رحیم سورخی، سلێمانی ٢٠١٦.

-Azeez, Majeed, Hakeem,(2023), A Critical Discourse Analysis of Ethnic Bias in "Homegoing"
SpB.گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان بەرگی. 27، ژمارە
-Berger, Peter, to Empower People from State to Civil Society, American Enterprise Institue, 1996.
-Searle, J.R. (1975). Indirect speech acts. In P. Cole and J.L. Morgan (Eds.), Syntax and semantics 3 (pp.59˚82). New York: Academic Press.
-Fotion, N. (2000). John Searle. Teddington U.K.: Acumen Publishing. Gaskell, E. (2012). North and south. Manchester: Northen Grove Publishing Project. (Original work published in 1854-55).
-https://answerbook.ir/

**Blended Speech Act in Ahmady Khani’s Mem and Zin (Mem û Zîn)**

**Mizgin Abdulrahman Ahmad**
Department of Kurdish, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Regoin, Iraq
mizgin.abdurahman@su.edu.krd

**Abstract**
The study, entitled ‘‘Blended Speech Act in Ahmady Khani’s Mem and Zin *(Mem û Zîn)”*, seeks to provide a linguistic analysis of Ahmadi Khani's poems. Benefiting from linguistic theories in the analysis of literary production, it can both explain new aspects of our literary production and bring new topics to the attention of linguists. One of the analytical perspectives of literary text on the basis of which we can analyze the concept of rhetoric and literature within a more detailed unit of language (words, sentences), is the theory of philosophy of language (speech acts).
The current study will go towards (Discourse analysis), of course the poems that start at verse 189 and end at number 234, that is, only 45 verses will be interpreted on the basis of verbal action (Searle, John. R). Ahmadi Khani in his poems, with full intelligence, was able to direct the readers all of the five speech acts of Searle, John. R (representative act, directive act, commissive act, expressive act, declarative act).
**Key words:** Ahmad khani, Searle, speech act, pragmatic, discourse analyses.

**أفعال الكلام المدمجة في مم وزين (Mem û Zîn) 'لأحمدي خاني**

**مزگين عبدالرحمان احمد**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الاساس، جامعة صلاح الدين – أربيل، إقليم كوردستان,العراق
mizgin.abdurahman@su.edu.krd

**الملخص**
الدراسة، المعنونة "أفعال الكلام المدمجة في مم وزين (Mem û Zîn) 'لأحمدي خاني"، تسعى إلى تقديم تحليل لغوي لقصائد أحمدي خاني. بالاستفادة من النظريات اللغوية في تحليل الإنتاج الأدبي، يمكنها أن تشرح جوانب جديدة من إنتاجنا الأدبي وتلفت انتباه اللغويين إلى مواضيع جديدة. أحد المنظورات التحليلية للنص الأدبي الذي يمكننا على أساسه تحليل مفهوم البلاغة والأدب ضمن وحدة لغوية أكثر تفصيلاً (الكلمات، الجمل)، هو نظرية فلسفة اللغة (أفعال الكلام).ستتجه الدراسة الحالية نحو (تحليل الخطاب)، بالطبع القصائد التي تبدأ من البيت 189 وتنتهي بالرقم 234، أي أنه سيتم تفسير 45 بيتاً فقط على أساس الفعل الكلامي (سيرل، جون. آر). استطاع أحمدي خاني في قصائده، بذكاء كامل، أن يوجه القراء نحو أفعال الكلام الخمسة لسيرل، جون. آر (الفعل التمثيلي، الفعل التوجيهي، الفعل الالتزامي، الفعل التعبيري، الفعل الإعلاني).

**الكلمات المفتاحية:** أحمد خاني، سيرل، فعل الكلام، البراغماتية، تحليل الخطاب .

[1] . Anayytic Philosophy
[2] . Analytic - Synthetic
[3] . Evaluative - Descriptive
[4] . Locutionary act
[5]. illocutionary act
[6]. illocutionary forces
[7] . Intentionality
[8] . Principle of Expressiblity
[9] . felicity conditions
[10] . context
[11] . General condition
[12] . content condition
[13] . preparatory condition
[14] . performative hypothesis
[15] . explicit performatives
[16] Implicit performatives
[17] . declaration
[18] . representative - Assertive
[19] expressive
[20] . directive
[21] . Impositive
[22] . Non-impositive
[23] . commissives
[24] . jibo mînakên şê`rî, mifa li kitêba rave û şirove ya Perwîz Cihanî hatî ye wergirtin.
[25] . person dixies
[26]. Direct & Indirect
[27] . Structure
[28] . Non-Impositive
[29] . Impositive